# شەونم

هۆنراوەی (48)

گر من از باغ تو یک میوه بچینم چه شود

من لە باغت بەتەمای میوە چنینم چ دەبێ
پێشی پێی خۆم بە چرای تۆوە ببینم چ دەبێ
گەر لە بن سێبەری ئەو سەروە بڵیندەی خوایە
وەحەسێنم لەشی سووتاو و بەتینم چ دەبێ
ئەرێ ئەی خاتەمەکەی قامکی جەمی شوێن پیرۆز
گەر بخەی وێنە لەسەر نەخشی نگینم چ دەبێ
وا لە ماڵ چۆتە دەرێ عەقڵم ئەگەر مەی ئەوەیە
لەوەپێش دیومە لە نێو مەنزڵی دینم چ دەبێ
زاهیدی شاری ئەوا مەیلی بە شا و شەحنە هەیە
من ئەگەر بێت و نیگارێکی وەبینم چ دەبێ
تەمەنم رۆیی بە خۆڕایی بە مەعشووقە و مەی
چم بەسەر دێ لە هەوەڵیان دووەمینم چ دەبێ
خواجە پێی زانی کە من عاشقم و هیچی نەگوت
حافزیش بێت و بزانێ بە ئەوینم چ دەبێ

حافزی حەقیقی